# مەكسیم گۆرگی
# توێژینەوە لەمەڕ ژیان و داهێنانەكانی



بەشی دووهەم

بەكوردی كردنی خاڵەبەكر
bakeramin@hotmail.com

لە28ی مایسی 1928گۆرگی گەڕایەوە بۆ نیشتیمانی زێدی باوو باپیران، ئەندامێتی لیژنەی تەنفیزی حیزبی پێ ڕەوا بینرا، وە لەبەر باڵادەستی و مەزنی گۆرگی و نوسینەكانی ناوی ئەو شارەی كەتیایدا لە دایك ببوو "نیجنی نوفغورد" كرا بە ناوی خۆیەوە. وەهەروەها شانۆی هونەری مۆسكۆشیان بەناویەوە ناو نا، شانۆ نامەكانیشی بەشێوەیەكی گەلێ سەركەوتوو هەر لە سەر ئەو شانۆیە پێشكەش دەكرا وەبەهەمان شێوەش نێوی گەلێ پرۆژەو كۆلخوزەكان و بنكە باڵاكانی خوێندن و زووربەی قوتابخانەكان و بنكە ڕۆشنبیریەكان بەناویەوە ناونران، بەڵام دژكەرانی شۆڕش و دژكەرانی گۆرگی زەفەریان پێهانی و لە ساڵی 1934 گورزی نامەردییان لێ وەشاندو ئامۆزاكەیان تیرۆر كرد. گۆركی تائەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لەژین و نوسین و ڕۆشنفكری كرد لە 18ی حوزەیرانی 1936هەر لەبنكەی ڕۆشنبیری سۆڤێت دەست بەكار بوو، جگە لەوەش سەرۆكی یەكێتی نوسەرانی سۆڤێت بوو، كەدامەزراندنی ئەو یەكێتیەش بۆ پیرۆزی و لێهاتویی و دڵسۆزی خۆی دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەش جێ دەست و پەنجەی بەجۆش و خرۆشەوە بە دامەزراندنی چەندین پرۆژەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریەوە دیار بوو .

یەكەم قۆناغی داهێنانی گۆرگی:

داهێنانەكانی گۆرگی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی 1892تا 1889، واتە تائەو دەمەی كەیەكەم ڕۆمانی بەنێوی"فۆماغوردیف" بەچاپ گەیاند ئەمەش لەساڵی 1889دا.وەلەو دەمەشدا ئەم بەرهەمانەشی بەچاپ گەیاندو ڕۆشناییان بینی، "ماكارجۆدرا"ساڵی1892"یمیلیان بیلای"ساڵی1893" باپیرە ئەرخیب و لینكا" ساڵی1894 وەهەروەها"گۆرانی هەڵۆ" و "ئیزرغیلی پیرە" ساڵی 1895"بەهۆی بێزاریەوە"ساڵی1897 "فیریونكا ئولیسۆفا"ساڵی1898وەهەروەها
بەرهەم گەلێكی تریش.

بنەمای سەرەكیش لەحەنای گرنگ پێدانی بەرهەم و داهێنانەكانی گۆرگی لەنیوان ئەم ساڵانەدا هۆكارەكەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی كە گۆرگی، كارامە و لێهاتوانە گوزارشتی لە ئێش و ئازارەكانی ئینسان كردوە ، هەست و سۆزی خۆیشی لەتەك هەست و سۆزی ئەواندا شەتەك و گرێداوە، داهێنانی گۆرگی لەم غۆناغەدا كاریگەریەكی ڕاستەو خۆی كردە سەر وێنە هونەرییە ئەدەبیەكانی ئەوسەردەمەی ڕوسیا،كە لە هێنانەكایەی ئەدەبێكی واقعی زیندوی "ڕیالیست"دا خۆی بەرجەستەكردبوو، ئەمە لەلایەك لە لایەكی دیكەشەوە گۆرگی نوێ گەریەكی چاوەڕوان نەكراوی لە ئەدەبی سۆڤێت دا بەرپاكردوهەناسەیەكی سەردەمانەی كرد بە بەردا

سەرەتای قۆناغی رۆمانتیكی شۆڕشگێڕی لە داهێنانی گۆرگی دا:

کورتە چیرۆکی "ماکارجۆدرا" بریتیە لە یەکەمین نۆبەرە بەرهەمی ئەدەبی رۆمانتیکی گۆرگی، لەسەر ڕەوت و هەمان شێوازە هەناسەی "پۆشکین و ، لیرن منتۆف و ،گۆگۆڵ. ئەم چیرۆکەش گشت بنەما سەرەکیەکان و تایبەتمەندیەکانی داهێنانی رۆمانتیکی لە خۆگرتبوو ، هەڵوێستەکان تیایدادەگوێزرانەوە بۆ ژینگەیەکی پەنهان و خولقێنەر دوور لەبارودۆخی ژیانی سەپێنراوی سەردەم بەشێوەگوفتارێکی دڵسۆزانەی ئێجگار بەسۆز. گۆرانی هەڵۆ"و" ئیزرغیلی پیرە"و "کوێخا و کوڕەکەی" لەساڵی1896دا،لەتەك داستانە شیعرە بەناوبانگەکەی "کیژۆڵەومردن1892"گرنگترین بەرهەمی گۆرگین کەبەشێوەیەکی داستان ئامێز " نوسراون یان بەشێوەی گۆرانی ئامێز یان بەشێوەی حیکایەت ئامێز، لێوان لێون لەگوزارشتی سەرکەوتو، لەداڕشتنێکی رۆمانتیکی بەپێز کەلەگەڵ ڕەوتی سەردەم و بارودۆخەکەدابگونجێت .

گۆرگی پێشڕەو لەم مەیدانەدا هەمیشە خامەی بە بڕشتی درەوشاوەتەوە، ڕاوبۆچونیشی وابووە کە ئەدەب هەردەم ئاوێنە نومای ژیانەو هۆکارێکی سەرەکی و گرنگیشە بۆ هاوکاری کردنی جەماوەر لەپێناو هوشیارکردنەوەیان بەرەو ڕەوتی ژیانێکی باشترو بەجێ. زیندووترین نمونەی بەڵگەنەویستیش لەمەر داهێنانی رۆمانتیکی گۆرگیدا شیعرەئەفسانە ئامێزەکەی "کیژۆڵەومردن"ە.وێنە سەرەکیەکانی گۆرگی لە بەرهەمەکانیدا بریتی بوون لەپێناسەکردنی مرۆڤی بەرگەگرو خۆنەویست و خۆبەخت ،بۆ وەدیهێنانی خواست و ویست و ئامانجەکانی گەل.

نۆبەرەی داهێنانی گۆرگی لە قۆناغی واقعیدا:

لەهەمان کاتدا، وەلەتەك بەرهەمە رۆمانتیکیەکانیدا گۆرگی زنجیرەیەك داهێنانی"واقیعی"پرشنگدا ریشی بەرجەستەکرد، هەوڵ و کۆششەکانی لەوەدا ئاوێتەبوون و لەوەدا خۆی دەبینیەوە کەگۆڕانکاریەکی پێشکەوتنخوازانە بەسەر داب و نەریتە سەپێنراوەکاندا بهێنێت. چیرۆکە "واقعی"یەکانیشی هەر لەهەمان ئەو ساڵانەدا وەدەرکەوت کەچیرۆکە رۆمانتیکیەکانی پەرەو گەشەو دەنگ و سەدایان دایەوە،نمونەی ئەو چیرۆکانەش لەو کات و سەردەمەدا "یمیلیان بیلای"ساڵی1893،" باپیرەئەرخیب و لۆنکا"ساڵی1894، "دەرئەنجام"ساڵی1895،"ئاژاوەگێر"و،"ئۆرلۆڤ ژن و مێرد"و،"ئەو زیندەوەرانەی کە پیاو بوون یان مرۆڤ بوون"1897،"بەهۆی بێزارییەوە"1898 ،...هتد .بەرهەمە واقعیەکانی گۆرگی کامیرایەکی خۆبەخت و خۆبەخشێکی بێ هاوتابوو بۆ ئەو خەڵکە بەشمەینەت و ستەمدیدەو ژێردەستیەی ئەو دەم و بارودۆخە.کەهەم دەم ئەدەبی روسی لەدێر زەمانەوە بەوە ڕاهاتبوو لەبارەیانەوە بدوێت، لێ جیاوازیەکە لێرەدا ، ئەو کرۆکە نوێ یە بوو کە گۆرگی هەستی پێ کردو تازە گەریانە لە ئەدەبەکەیدا بەرجەستەی کرد، ئەمەش لەخۆیدا جیاوازیەکە لەنێوان ئەدەبی واقعی روسی سەدەی نۆزدەهەمدا کەپێشتر ئەدەبی روسی ئەو تازەگەرییەی لەخۆ نەگرتبو .

دەرەنجامەکان:

1.تواناو لێهاتویی گۆرگی لەوەدا بوو کە ببوو بە خاوەن بەهرەو سەلیقەیەکی گەلێ دیار لەنێوان هەردوو ڕێبازە هونەرێکەدا"واقعی و رۆمانتیکی". لە حەنای باس و وەسف کردنی ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمە، لەوەش تێپەڕێت و ببێتە داهێنەرو خولقێنەری ڕێبازێکی هونەری و ئەدەبێکی نوێ ئەویش "واقعی سۆسیالیستی"بوو

2.نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەمین سەرەتای دەسپی یەکەمین داهێنانەکانی گۆرگی بوو، لەهەمانکاتیشدا یەکەمین قۆناغی بەرەو پێشچونی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کرێکاری بوو لەروسیادا.

بارودۆخ ، ئەو ژیان و هەڵوێستەی قەداو قەدو پڕاوپڕ بەباڵای گۆرگی دا بڕی،کەبەو شێوەیە خۆی بۆ تەرخان و بەخت بکات.

پێشکەوتن زریانێك بوو گشت شتێکی ڕادەماڵی کەسگەلێکی شۆڕشگێڕی لێهاتوی خولقان، وەکەس گەلێکی بەجەخت و بەهەڵوێست و بەهێزی لەبزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکەدا هێنایەدی ، بەم هەڵوێستەش گۆرگی سەلماندی کەوێنەگرێکی ڕاستگۆی کارامەیە لەحەنای شێوەی ژیان و ڕەوتی بەرەوپێشەوە چوونی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی، وەهەردەم گوێ ڕایەڵێکی بەئەمەك و هەستیارێکی بێ هاوتابوو، ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕانکاریەکانی بلیمەتانە هەڵدەسەنگاند.

دووهەم قۆناغی داهێنانی گۆرگی**1889_1907**:

کۆتایی نەوەدەکان قۆناغێکی نوێی پڕپایەخی داهێنانەکانی گۆرگی بوو، لەم قۆناغەدا جڵەوی خۆی بەرەو ئاقاری ئەدەبێکی نوێ تر توندوتۆڵتر کرد، بەبەراورد لەتەك ئەو شیوازەی لەوەو پێشتری،گرتنە بەری ئەو ئاقارە نوێیەش ڕوو لە لەچیرۆکی درێژو، ڕۆمان و،شانۆ بوو چیرۆکی درێژ_ وە بەتایبەتی ڕۆمان_ دوو هونەری تەژین لە بەهای گوفتار، کەمرۆڤ لەو ڕوانگەیەوە بەرفراوانتر توانای هاوبەشی کردن و

بەرجەستەبوونی ژیانی تیادا دەخەملێنێ و زەمینەکەشی پتەوتر دەکات_ لێرەشدا لەژیانی گۆرگی دا کۆگەلێ ڕوداومان لەبەر دەستدایە، هەروەها کۆگەلێکی تریش لەو کارەکتەرانەی کە بەئەندازەیەکی ئێجگار کەم لەچیرۆکەکانیدا بەدیار دەکەون(دەتوانین بڵێین زمان حاڵ یان پاڵەوانی چیرۆکەکان_وەرگێڕ).

فوماغوردیف:

گۆرگی لەساڵی1889دا ئەم ڕۆمانەی بڵاوکردەوە ، پێش وەختیش لە نۆبەرە چیرۆکەکانیدا خۆی لە قەرەی زاڵ بوونی سیستەمی خاوەندارێتی تایبەت داوەو لەو بارەیەوە ڕەتاندنی هێزو بازوی ئینسانی خستۆتەڕوو کەئەمەش ڕێگرە لەحەنای برەو پێدان و گەشەکردنا. لەم ڕۆمانەدا گۆرگی ئەو ئاکام و ئەنجامانەی خستە بەردەم و دیدی خۆی لەبەر هێندێ تا توانی چەوسێنەرانی سوک و زەلیل و ڕسواکرد، گۆرگی لەگەڵ ئەمەشدا دەسەلات و لێپرسراوانیشی نابووت و ڕسوا کرد ، وەبەوە ناوزەندی کردن کەمرۆڤ نین و خاوەنی ئەخلاقێکی لەکەداریشن لە کۆمەلگادا.

شانۆگەرییەکان:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێداو لەو بارەیەوە دواین کەساڵەکانی نەوەدەکان گۆرگی بەرەو ئاقارێکی نوێ تر داهێنانە ئەدەبیەکانی ڕوو لەوەرچەرخان بوو ، شانۆش بەشێك بوو لەو برەو پێدانە . ساڵی 1900 گۆرگی شانوگەری "بۆرژوازیە بچکۆلەکان"ی نوسی ، وەلەساڵی1902 شانوگەری " دامێن"ی نوسی، ساڵی1904 یش "ریزبوەکان"ی نوسی، ساڵی1905یش"ڕۆڵەکانی خۆر"ی نوسی ساڵی1906یش "دوژمنەکان"و"بەربەریەکان"ی نوسی. گۆرگی پتر لە بیست شانۆگەری نوسیوە، لەتەك ئەو شانوگەریانەی کەلەقۆناغی داهێنانی دوای ئکتۆبەردا بەرهەمی هێناون. ئەم شانوگەریانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەی کەگۆرگی گرنگیەکی بێ هاوتای بەهونەری دراما بەخشی، ئەم گرنگیەش هەر لەخۆڕا نەهاتە گۆڕێ ، بەڵکو گۆرگی یەکێك بووە لەو کەسانەی کە گرنگیەکی بەڕۆخدا چووی داوە بەناوەرۆکی هونەری دراماو ڕۆح و تەرزێکی تری بەبەرداکردو لەو ڕووەشەوە سەبارەت بە شانوگەری ئەڵێت (شانۆگەری تەرزێکە لە تەرزە قورسەکانی ئەدەب،چونکە پەیوەستە بەهزرێکی فراوان و جیاکردنەوەی کارەکتەرەکان هەر یەك بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەبێ دەست تێوەردانی نووسەر).

وە لەهەل و مەرجێکی تردا بیروڕاو بۆچونەکانی خۆی ڕوونتر کردەوەو بەم شێوەیە خستیەڕوو(ڕۆمان ئاسان ترە چونکە ئەدیب تەنها ئەرکی ئەوەی لە سەر شان نیە کە چۆن و بە چ شێوازو شێوەیەك ڕێڕ ەوی گوفتارەکانی کارەکتەرەکانی بۆ خوینەر فەراهەم بکات و بگوێزێتەوە، بەڵکو ئەوەی لا مەبەستەو بەهەندی دەگرێت کەچۆن کارەکتەرەکان دێنە گۆو مەبەستەکانیان بەرجەستە دەکەن و دەپێکن،وەهەروەها بە چ شێوەیەك پەیرەوکردنی ڕێرەوەکە بەهەند دەگرن، وەهەروەها چۆن شادماندەبن و چۆن دەمار گیر دەبن و چۆن چۆنی مەبەست دەگەێنن ،وەهەروەها چۆن بیردەکەنەوە و هەست بەچی دەکەن .

نووسەر لەم دۆخەدا دووچاری دوو شێوە شێواز دەبێت و بەرجەستەی دەکات، ئەویش خۆی لە حیوارو وەسفدا دەبینێتەوە. وەلێ شانۆگەرنووس تەنها زمانی حیوار بەکار دەهێنێت ، وەك مەسەلەیەکی باو کەدەڵێت، تەنها لەپێناو گەیاندنی پەیامدا، گرنگیش نیە ڕوون و ئاشکرابێت ، بۆچ پاڵەوان (کاراکتەر)بەم شێوەیە دەئاخفێت و بەشێوەیەکی تر نا ئاخفێت بەبێ ئەوەی بەڕوون و ڕەوانی مەبەست بگەێنێت و بپێکێ_ واتەهەڵوێستەکە دەکەوێتە سەرشانی پاڵەوانەکە یان ئەوی تر (ئەمە ڕای نووسەرە. د.جلیل).

گۆرگی دەرکی بەوە کردکە لەسەردەم و بارودۆخێکی درامیدا ژیان بەڕێ دەکەین، لە سەر دەمێکی درامی پڕ تەنگەژەی ڕوخێنەرو بنیات نەر، درامای سەر دەمیش سەبارەت بەوەی کە گۆرگی لێی تێگەیشتوە، هۆشمەندانە بەرەو ڕووی بووەو هەر ئەو هۆشمەندیەش بوو، بووە هۆی هاندانی ئەوەی کە ڕێرەوی شانۆگەری توندو تیژی چرووپر لە کەمو کورۆیە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان بگرێتە بەر.وەلێ جگە لە شانۆگەری "دامێن"و "دوژمنەکان"،وە ئەو شانۆگەریانەش کە لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هزری خۆی لەپێناودا بۆ تەرخان کردبوو هەمووی لە بۆتەی نەهێشتن و بەرەنگاربوونەوەی ڕۆچونی ڕەوشتی ئەو توێژە ڕۆشنبیرەی روسدا خۆی دەبینیەوە، کە خۆیان هاویشتبوە ناو بازنەیەکی داخراوی کەیف و سەمای بێ شوماری خۆ ویستیدا.